## ئەستێرەی شاشەو ئەکتەر نادین ئەلراسی:

# دڵنیام کە دراما دەتوانێت چارەسەری واق

**نادین ئەلراسی ئێستا بووەتە ناوێکی ناسراو لە بواری جوانی و شاشەی تەلەفزیۆن، هەر زوو دڵ و هەستی جەماوەری بۆ لای خۆی راکێشا، نادینی خانم و ئەکتەر نەك تەنیا ئەکتەرە بەڵکو هەر ساتێکی وەك دیمەنێکی ژیانی زۆر بە سادەیی و سروشتی بەبێ وێنە بەسەر دەبات، چونکە لە چاوترووکانێکدا دەتگوازێتەوە لە خەیاڵەوە بۆ ژیانی ستاتیکا و واقع، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئەم هونەرمەندە بناسین، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز کرد.**

*** لەم دواییە هەست دەکرێت زیاتر رۆڵی جەریئانە هەڵدەبژێریت؟**

- ناوی من بەستراوەتەوە بە رۆڵی وروژێنەر کە جورئەتی زۆری تێدایە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، نەك لەرووی دیمەنەوە، کە زۆر جار سنووری کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان تێدەپەڕێنێت، زۆر لە کارەکانم باس لە بابەتە هەستیار و قووڵەکان دەکەن لەوانە «عصر الحريم» و «لونا» و «غلطة عمري» و «خرم ابرة» تا دەگاتە «لولا الحب»، جورئەت بریتییە لەو هزرانەی کە دەخرێنە روو کە رەنگدانەوەی واقعی عەرەبییە ئەویش کە لە رێگای باس کردنی ئەو بابەتانەی کە ئێش و مەینەتی و گرفت و پێداویستییەکانی ئافرەتی عەرەبی دەخەنە روو، ئامانجی من تیشك خستنە سەر گرفتەکەیەو یەقینم لەوەی کە دراما دەتوانێت چارەسەری گونجاو پێشکەش بکات.

*** چی وای لێکردیت رۆڵی (مسا) ببینیت لە زنجیرەی (لولا الحب)؟**

- مسا کەسایەتییەکی بەهێز وکراوەیە لەسەر ژیان، کچە راگەیاندنکارێکە دژایەتی گەندەڵی دەکات و داوای پاراستنی ژینگە و یاساکان دەکات، ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشام بۆ ئەو رۆڵە ئەوەیە کە پڕە لە هەستی جیاواز و دژ بە یەك و لە یەك کاتدا تیشك دەخاتە سەر چەند بابەتێکی مرۆڤایەتیی گرنگ، لەوانە دایکایەتی لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری کە ئەمەش لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا زۆرە (مسا) تاقی دەکاتەوە و لە رێگای زنجیرەکەوە مەینەتییەکانی دەبینین دوای مردنی دەستگیرانەکەی بەر لەوەی بچنە نێو قەفەسی زێڕینەوە، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم کە من هانی دایکایەتی لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری نادەم، بەتایبەتی کە من دایکم و بەهای بوونی خێزانێکی کامڵ دەزانم کە دایك و باوك کۆڵەگە سەرەکی و گرنگەکانی پێکدەهێنن و ئەمەش مافی هەر منداڵێکە، بەڵام من گرفتەکە لە چوارچێوەیەکی وشیار کردنەوە دەخەمە روو کە ئەمەش بەشێکی گرنگ و سەرەکی کاری درامایە.

***تاچ رادەیەك نزیك بوونەوە و لێکچوون لە نێوان هەردوو کەسایەتی (مسا) و نادیندا هەیە ؟**

-لێکچوونەکە لە تێڕوانینی من بۆ ژیان هەیە، چونکە من دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە دژی زوڵم و ستەم کە ئافرەت و منداڵ دەگرێتەوە و لەو روانگەیەوە دەبینن کە من رۆڵی وشیار کردنەوە دەبینم و هەمیشە پاڵپشتی لە هەموو کۆمەڵە و دەزگا و هەر چالاکییەکی خێرخوازی، هونەری، رۆشنبیر دەکەم کە بچێتە چوارچێوەی پاڵپشتی کردن لە ژینگە و کۆمەڵگا و ئامانجی سەرەکیی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگا بێت.

*** تا چەند لە کاردانەوەی زنجیرەکە رازی بوویت؟**

- کاردانەوەکە زۆر ئیجابی بووە و ئەو لێدوان و قسانەی گوێم لێ بوون زۆر جوان بوون، زنجیرەکە لە ماوەی پێنج مانگدا وێنەی گیراوە و من خۆم ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری جەستەییم کێشا و لە رووی سۆز و هەستیشەوە بە هەمان شێوە، چونکە زۆر دیمەنی ناخۆش وکاریگەریی تێدا بوو، (مسا) کەسایەتییەکە زۆر ئازاری چەشتووە لە ژیانی خۆیدا و رووبەرووی گرفتەکان بۆتەوە وەك کەسایەتییەك بێت بە دە کەسایەتی جیاواز لەوانەی من هەڵمبژاردوون.

*** زۆر لە نووسەرانی عەرەب پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە رێچکەی گۆرانی گوتن بگریت بەتایبەتی دوای ئەوەی بەشداریت کرد لە بەرنامەی دیۆ بەناوبانگەکان و پلەی یەکەمت بەدەستهێنا، ئایا ئەم پێشبینیانە لە شوێنی خۆیان نەبوون؟**

-بێگومان نەخێر، ئەم پرۆژەیە دواخراوە لە کاتی ئێستادا بۆ بەرژەوەندیی دراما کە ئێستا بە ئامانجی یەکەمی خۆمی دەزانم، زۆر حەز لە گۆرانی گوتن دەکەم و زۆریش خۆشحاڵم بەو دەنگە ئیجابیانەی کە یەکەم ئەزموونی من درووستی کرد، لەوانەیە لە پاشەڕۆژدا بەراوردی بکەم لەگەڵ ئەزموونی خۆم لە بواری درامادا بەتایبەتی دراما سەرکەوتووەکانم.

*** بەدەستهێنانی نازناوی باشترین ئەکتەری لوبنانی زیاتر لە جارێك چی دەگەیەنێت بۆ تۆ؟**

-ئەمە رێزلێنانێکی جوان و ئاوڕدانەوەیەکی بێ وێنەیە کە تێیدا رێز





فایان عۆن- بەیروت

# ـــــعی ئەمڕۆ بکات



لەو ئەرکە دەگیرێت کە هونەرمەند دەیکێشــێت، هەروەها پاڵپشـــتی و هاندانێکـــی بێ وێنەیە بۆ ئـــەوەی بەردەوام بم لە پێشـــکەش کردنی کەسایەتیی سەرنجڕاکێش کە چەندین بیرۆکەی جوان لەخۆ دەگرێت و بە راستگۆییەوە بەرامبەر بە خەڵك پێشکەشی دەکات.

*** بەچی وەڵامی ئەو کەســانە دەدەیتەوە کە نیشانەی پرسیاریان لەسەر ئەنجامی ئەو نازناوانە هەیە کە ساڵانە پێشکەش دەکرێن؟**

- تا دابەشکردنی نازناوەکان مابێت ئەم بابەتە تەواو نابێتە، بەڵام دەڵێم ئەو نازناوانەی بەدەستم هێناون لە ئەنجامی دەنگدانی جەماوەر بوون بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت و لە رێگای ئێزگەکان و میدیاکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر هەندێك لە خەڵاتەکان نیشـــانەی پرسیاریشیان لەســـەر بێت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هـــەر ئەنجامێکی ئیجابی و جوان نیشانەی پرسیاری لەسەر بێت، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم کە نازناو خۆی بە تەنیا ئەســـتێرە دروست نـــاکات، تەنیا بە بـــەردەوام بوونـــی هونەرمەند راستگۆیی هونەرمەند و خۆشەویستی خەڵك بۆی دەردەخات.

*** ئایـــا تویتەر و فەیســـبوك بوونەتە رەگەزێکی گرنگی ژیانی هونەرمەند؟**

- بێگومـــان، چونکە هۆکارێکن بۆ بـــەردەوام بوون لەگەڵ خەڵك و زۆربەی دەنگدانی خەڵاتەکانیش هەر لەو رێگایەوەیە، تویتەر و فەیســـبوك ئێمەیان بردۆتە ژیانێکی میدیایی نوێـــوە، هونەرمەند و کەســـایەتیە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکانیان زیاتر لە خەڵکـــەوە نزیك کردەوە و مانایەکی دیکەیان بە چەمکی ئەستێرە بوون بەخشی کە خۆی لە نزیك بوونەوە و بەرزتر نەزانین لە جەماوەردا دەبینێتەوە، چونکە تەنیا جەماوەرە گرنگترین سەرمایەی هونەرمەندە.





## جیهان: قەیرانی سوریا ئێمەی کردۆتە جاریە

خانمە ئەکتەری سوری جیهان موراد ئاشکرای کرد کە قەیرانی ئێستای سوریا وای لێکردووە پەرتەوازە بێت لەنێوان تورکیا و میسرو دوبەی و چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی بۆ پاراستنی ژیانی خۆی و هێنانە دی خەونەکان کە خۆی لەوەوە دەبینێتەوە ببێتە ئەستێرەیەکی ناوداری سینەمایی.

جیهان ئەوەشی راگەیاند وەك کچێکی گەنجی سوری هانی ئەوە نادات ئەکتەران خۆیان ڕووت بکەنەوە و لەدابونەریت و رەوشتەکانی کۆمەڵگا دوور بکەونەوە و گوتی: راشکاوانە دەڵێم لە پێناو شتێکی ساختە سازش ناکەم لەسەر ناوبانگ وکەرامەتی خۆم، بەڵام کاری بەرز و بەرێزی هونەری دەبێتە هۆی ئەوەی کە رۆژێك لە رۆژان من ببم بە ئەستێرەیەکی سینەمایی لە وڵاتێکی وەك میسر.

دەربارەی بارودۆخی ئێستای سیاسی و سەربازی کە بەخوێناوینترین قۆناغی وڵاتی سوریا دادەنرێت جیهان گوتی: من نازانم تاکەی بەشار ئەسەد لە حاڵەتی شەڕدا دەبێت دژی گەلەکەی، هیوادارم ئەو بارودۆخەی ئێستا کۆتایی بێت و ئەوەی راستە سەرکەوێت و گەلی سوریا بەخۆشی و ئاسودەیی بژیت، جیهان لە کۆتاییدا ئەوەشی درکاند کە بارودۆخی سوریا وایکردووە لە زۆر وڵاتی عەرەبی وەکو جاریە سەیرمان بکەن.


## بەهۆی جوانییەکەیەوە کروز ریکلام بۆ جلوبەرگ دەکات

خانەی لویڤی بۆ جلوبەرگ و کەرەستەی جوانکاری بۆندێکی لەگەڵ ئەکتەری ئیسپانی بینیلۆب کروز بۆ ماوەی ٣ ساڵ مۆر کردووە و بەپێی ئەم بۆندە کروز هەڵمەتێکی پڕوپاگەندە بۆ خانەکە لە شاری مەدرید دەست پێدەکات.

میدیاکانی ئیسپانیا لەم بارەیەوە رایانگەیاند بۆندێکی لەم جۆرە لەگەڵ کروز کە خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێناوە کارێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە کروز شایەنی ئەم کارەیە وکاریگەرییەکی زۆریشی دەبێت لەنێو ئیسپانییەکاندا بەهۆی جوانییەکەیەوە و خانەیەکی ناوداری وەك لویڤی لەرووی ماددییەوە قازانجەکانی زۆر زیاد دەکەم، چونکە بینیلۆب کروز لەلایەن ئیسپانییەکانەوە بە نموونەی جوانی دادەنرێت، هەروەها لە بواری ئەکتەری و نواندنیشدا یە کێکە لەو ئەستێرانەی کە پڕ جەماوەرترین کەسە لە ئیسپانیا و لە سەرتاسەری جیهاندا.

چاوەڕوانیش دەکرێت کروز بۆ یەکەم جار لەم ریکلامە نوێیەیدا لە وەرزی بەهار و هاوینی ساڵی ٢١٠٣ دەرکەوێت و هەردوو وێنەگری ناودار میرت ومارکۆس کاری وێنەگرتنی هەڵمەتەکە لە ئەستۆ دەگرن.

لەم بارەیەوە کروز گوتی: خانەی لویڤی بە یەکێك لە خانە نێودەوڵەتییە ناودارەکان دادەنرێت و شانازیش بە رەچەلەکی ئیسپانی خۆیانەوە دەکەن و چەندین هونەرمەندی ئیسپانی ناودار دیزانی کارەکانیان دەکەن و خۆیشم هەمیشە یەکێك بووم لەو کەسانەی سەرسامی بەرهەمەکانیان بووم بۆیە خۆم بە بەختەوەر و خۆشحاڵ دەزانم کە ئەمڕۆ بوومەتە بەشێك لەم پرۆژەیە، لەلایەن خۆیشیەوە دیزاینەری بەریتانی ستیوارت ڤیڤرز بەڕێوەبەری داهێنان لە خانەی ناوبراو وتی: جوانی هەست پێکراوی کروز هەمیشە ئیلهام بەخش و سەرچاوەیەکی بەردەوامی ونموونەیی تایبەتی ئافرەتانی ئیسپانیا بووە.



# مەیسەر داوای بەخشین دەکات

خانمە ئەکتەری تورکی ئەسرا دەرمنجی ئۆغلۆی ناودار بە کەسایەتی (مەیسەر) لە زنجیرە درامای تورکی (فاتیما)، بەشداری لە هەڵمەتێکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیدا دەکات بە ناوی (ببەخشن بۆ من) بۆ بەخشینی ئەندامەکانی لەش کە دەزگایەکی خێرخوازیی تورکی بۆ گورچیلە ئەنجامی دەدات.

(مەیسەر) کە ناوبانگێکی زۆری بەم رۆڵەوە پەیدا کرد لە بەردەم کامیراکان بە تیشێرتی تایبەت بەم هەڵمەتە چەند وێنەیەکی گرت لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکی دیکەی سینەمایی و تەلەفزیۆنی تورکی کە بەشدارییان لەم هەڵمەتەدا کردووە، لەوانەش مەتی هۆزلۆ ئۆگلۆ و سەدیف ئافچی کە رۆڵی (بەهار)ی بینیوە لە زنجیرەی (ئیزیل)، ئەم ئەستێرانە لە بانگەوازێکدا رایانگەیاند کە بەخشینی لە جیاتی ئەوەی ئەندامەکانی لەشمان لەژێر خۆڵدا برزێت، بەخشینیان هیوای دووبارە ژیان بە چەند کەسێکی دیکە دەبەخشێت، بۆیە دەکرێ ئێمە ببینە هۆی ژیانەوەی چەند کەسێکی دیکە لە رێگەی ئەم هەڵمەتەوە.



## لە گەشتێکدا ریهانا ون بوو

کچە گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکی ریهانا ناچار بوو داوای لێبوردن لەو رۆژنامەنووسانە بکات کە هاورێی بوون لە گەشتێکی تایبەتدا کە مەبەستی پروپاگەندە کردن بۆ ئەلبومە نوییەکەی ئەنجامیدابوو، چونکە بە درێژایی هەڵمەتەکە ریهانا ون بوو.

ون بوونی ریهانا دووچاری رەخنەیەکی زۆر و توندی رۆژنامەوان و هاورێیەکانی کردەوە کە ماوەی ٧ رۆژی خایاند و بە گەشتی ٧٧٧ ناسرا، رۆژنامەنووسەکان پۆستەرێکیان درووستکرد بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان لە خۆ ون کردنی ریهانا بە ناوی ( گەڕان بەدوای شوێنە بزرەکاندا) ریهاناش بۆ دۆزینەوەی بیانوویەك بۆ خۆ دزینەوەی رایگەیاند : نەدەکرا حەوت رۆژ لەگەڵ ئەم هەموو وێنەگر و رۆژنامەنووسە بەسەر بەریت، بۆیە داوای لێبوردن لە هەموویان دەکەم، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گەشتێکی فڕۆکەوانی زۆر خۆش بوو و بە دڵنیاییەوە گەشتی لەم جۆرە لە داهاتوودا دووبارە دەکەمەوە.



# شاجوانی تورکیا دەبێتە سوڵتانە؟

لەگەڵ بەردەوام بوونی وەزری سێیەمی زنجیرەی تورکی (حريم السلطان) و هاتنە ناوەوەی چەند ئەستێرە و ئەکتەری نوێ، بەرێوەبەرایەتیی زنجیرەکە رایگەیاند کە بە فەرمی داوا لە ئەتشیلیا سامالی دانی شاجوانی ساڵی ٢٠١٢ی تورکیا کراوە کە لە بەشی سێیەمدا بەشدار بێت.

واش پێش بینی دەکرێت ئەتشیلیا رۆڵی کۆنتیسە جۆلیا ببینێت کە بە یەکێك لە ئافرەتە ناودارەکانی بارباروسیا دادەنرێت و لەلایەن چەتەکانی دەریاوە دەستگیر دەکرێت پاشان دەفرۆشرێتە کۆشکی سوڵتان و لەوێوە دێتە ناو واقعی سیاسی سەڵتەنەت وەهر یەکە لە سوڵتان سلێمان و ئیبراهیم پاشای وەزیری یەکەم دەکەونە داوی عەشقییەوە و رووداوەکانیش بەردەوام دەبن، بەڵام تا ئێستا شاجوانی تورکیا وەڵامی ئەم داوایەی نەداوەتەوە، هەرچەندە پێشتر چەندین جار داوای لێکراوە بەشداری لە چەند کارێکی دیکەدا بکات کە زۆر گرنگتر بوون لەم زنجیرەیە.



# گرنگیی فیستیڤاڵە هونـــ



هونەرمەندی گەورە ئەحمەد ســـالار دەربارەی فیستیڤاڵ دەڵێت: فیستیڤاڵ واتە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك ئەزموونـــی هونـــەری لـــە ئاهەنگێکـــی کۆمکاریـــدا کە تێیـــدا ئاڵوگۆڕی ئەزموون و کارە هونەرییـــەکان دەکرێـــت و، گیانێکی هاندانی پێوە دیارە بۆ ئـــەوەی هونەرمەندان بتوانن شتی باشتر پێشکەش بکەن و سوود لە کار و ئەزموونی یەکتری وەرگرن، مامۆســـتا ئەحمەد هەروەها دەڵێت: لە فیســـتیڤاڵەکاندا پێویستە زیاتر گرنگی بە چۆنایەتی بدرێت نـــەك چەندایەتی، لە هەمـــان کاتدا دەبێ گۆڕانکاری درووست بکات و بونیادنەر بێت و تەکانێك بە گۆمی مەنگی هونەر بدات، چونکە فیستیڤاڵ هەیە زیاتر لە کۆبوونەوە و ئاهەنگێکی ســـادە دەچێـــت بێ ئەوەی بەرهەمدار بێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆر کەس بەشدارییان پێدەکرێت لە فیستیڤاڵەکان لـــە کاتێکدا مەرج نییە ئـــەوەی لە دەرەوە دەهێنرێت بەرهەمەکەی پرۆفیشناڵ و شاکار بێـــت ئەمە لەلایەك، لە لایەکـــی دیکەوە لە گشت بوارەکانی هونەریدا شانۆ بێت یان سینەما یا گۆرانی و موزیك پێویســـتە جیاکاری هەبێت لە نێوان فیســـتیڤاڵ، هونەرمەندە بە ئەزموونەکان و گەنجەکان یان تێکەڵ بێت.

خانمـــە هونەرمەندی بە ئەزموون فرمێســـك مســـتەفا دەربارەی ســـاز کردنی فیســـتیڤاڵە هونەرییەکان دەڵێت: هەر کۆبوونەوەیەکی هونەرمەندان سوودی زۆرە بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هونەری یەکتری، فیستیڤاڵەکانیش بە گرنگترین کۆبوونەوەی هونەری دادەنرێن، بۆیە ســـاز کردنی فیستیڤاڵ خۆی لە خۆیدا سوودی هەیە بۆ هونەرمەندان، بەڵام زۆر لە هونەرمەندان کە بەشـــداری لە فیستیڤاڵێکدا دەکەن بیر لەوە دەکەنەوە کارەکەیان ســـەرکەوتوو بێت، من پێموایە سەرکەوتنی کاری هونەری بە فیستیڤاڵەوە بەند نییە، رەنگە تۆ کارێك ئەنجـــام بدەیت لە دەرەوەی فیســـتیڤاڵدا بێت و زۆریش ســـەرکەوتوو بێت تەنانەت

# ...ەرییەکان بۆ پێشخستنی هونەر

**هەفتەی ڕابردوو و بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ سێیەمین فیستیڤاڵی نا بۆ توندوتیژی دژ بە مێینە بەسەرپەرشتیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر ساز کرا، بۆزانینی ڕای چەند کەسێکی شارەزا لە بواری هونەری ئەم دیمانەیەمان سازکرد:**

سەرکەوتنی
کارەکە لە دەرەوەی فیستیڤاڵ دەبێتە
هۆی ئەوەی لە فیستیڤاڵدا وەربگیرێت و بەشدار بێت بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤاڵ مەرجی سەرکەوتنی نییە.

ناجی سەلیمی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لە شاری بۆکانەوە بە فیلمی ( دوو ماڵ لە باخێکدا ) بەشدارە لە فیستیڤاڵی ئەم ساڵدا دەڵێت: جێگای خۆشحاڵی ئێمەیە کە ئێستا خولی سێیەمی فیستیڤاڵی نا بۆ توندو تیژی لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت ئەمەش نیشانەی گرنگی پێدانە بەم بوارە لە کوردستان، فیستیڤاڵی هەولێر دەتوانێت سیاسەتی و جیاوازتر بێت لە فیستیڤاڵەکانی دیکە، لە زۆربەی فیستیڤاڵەکاندا بەشدار بووم زۆربەیان بەشێوەیەك بوون کە زۆر جیاواز نەبوون، بەرای من پێویستە لە فیستیڤاڵدا بەتایبەتی لە کاتی نمایش کردنی فیلمەکاندا دەتوانرێت چەند فیلمێك دیاری بکرێن و دەرهێنەرەکانیان بانگ بکرێن و گفتوگۆ و باس کردن و ڕەخنە لە فیلمەکە بگیرێت لەلایەن کەسانی تایبەت و سینەماکارانی دیکەوە، هەروەها ناکرێ هەموو بەشەکانی فیستیڤاڵ تایبەت بێت بە نمایش کردنی فیلم، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ماندوو بوونی بەشداربووان و ناتوانن وەك پێویست ئامادەی نمایشەکان بن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن، بۆیە دەکرێت لایەنێکی فیستیڤاڵ بریتی بێت لە گەشت یان سەردانی چەند شوێنێکی دیاریکراو وەك مۆزەخانە یان شوێنێکی سەرنجڕاکێش بۆ ئەوەی لەگەڵ سازدانی فیستیڤاڵ میوانەکان ئاشنای کەلتوور و فەرهەنگی ئەم شارەش بن.

تەلار هیرانی شانۆکار بەم شێوەیە باسی لە فیستیڤاڵ کرد: فیستیڤاڵ یان چالاکیی هونەری بەڵکو هەر هەنگاوێك بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی کارێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە جێگای دڵخۆشییە نیشاندانی چەند بابەت و چەند فیلمێکی سینەماییە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی باشە، چونکە سینەما بەشێکی سەرەکی نییە لە ژیانی ئێمە و پیشەسازییەکی باش نییە بۆیە ئەگەر هەنگاوێکی کەمیش بێت مایەی دڵخۆشییە بۆ ئەوەی پیشەسازیی سینەما و سینەما بە گشتی لە کوردستان بووژانەوەی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.

تەلار هیرانی پێیوایە وشیار کردنەوە تەنیا لە ڕێگای فیلمەوە ناکرێت، هەرچەندە ئامانج لە فیستیڤاڵەکە نەهێشتنی توندوتیژییە، بەڵام هەنگاوی یەکەمی نەهێشتنی توندوتیژی لە ماڵەوە دەست پێدەکات،
ئەمەش زۆر گرنگە وەزارەتی پەروەردە
کاری بۆ بکات بۆ ئەوەی ئەم کلتوورە لە مێشکی نەوەکانی داهاتوو ڕەگی دابکوتێت.

مامۆستا ڕەفیق نوری حەنا دەڵێت: هەر کارێك ئەگەر ئەنجام بدرێت باشە، بە بڕوای من کە هیوادارم بە تەعەسوب لێك نەدرێتەوە مادام ئەو فیستیڤاڵە لە هەولێر ئەنجام دەدرێت ناکرێت کەسانێك لە ئێرانەوە بهێنرێن بۆ فیستیڤاڵ کە خۆیان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز و پێویستیان بەوە نییە لێرە فیلمەکانیان نمایش بکرێت، پێویستە ئەم پارەیە بۆ گەنجانی کوردستان خەرج بکرێت، ئێرانییەکان ئەگەر لێیان بپرسیت خاوەن ماجستێر و بڕوانامە و خەڵاتی زۆر بەرزن لە بواری سینەما و لە دەیان فیستیڤاڵی جیهانی بەشدارییان کردووە بۆیە پێویستیان بە هاندانی ئێمە نییە و بەشداری ئەوان بۆ ئێمە داهێنان نییە، وەك ڕێزگرتن لە ئافرەت هەر کەسێك لە ڕوانگەیەکەوە لەم بابەتە دەڕوانێت سینەماکاریش بە زمانی کامیرا، ئەم زمانە پێمان خۆشە لە ڕێگای خەڵکی خۆمانەوە بێت.

لێوژە جەلال ڕاگەیاندنکار دەڵێت:ئومێدەوارم بتوانین لە ساڵانی داهاتوودا زەمینەسازی بۆ بکەین و کاری باشتر پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆڵمان هەبێت، لە کوردستان توانای ماددی و هەوڵ و دەرهێنەر وکادرو ئەکتەر و ئافرەت و فیلمی باش هەیە، بەڵام بەداخەوە هۆڵی سینەمامان نییە، تا ئێستا هۆڵێکمان نییە تایبەت بێت بە سینەما بە هەموو پێوەرە جیهانییەکان بۆ ئەوەی بتوانین فیلمی تێدا نمایش بکەین، ئەگەر هەموو پێداویستییەکانی سینەما دابین بکەین ناتوانین پەیامە هونەرییەکە بگەیەنین، پێویستە ساز کردنی فیستیڤاڵ و دابینکردنی هۆڵی سینەما بیریان لێ بکرێتەوە، چونکە تەواوکەری یەکترن و نابێ لە هەوڵە هونەرییەکانمان بوەستین تا ئەو کاتەی ژێر خان دابین دەکەین، چونکە بینەر بەرهەمی دەوێت بۆ ئەوەی بیبینێت و ئێمەش هەموو پێداویستییەکمان هەیە بۆیە پێویستە گەشە بەکارە هونەرییەکانمان بدەین، ئیتر بەو ئومێدەم کەرتی تایبەت و وەزارەت بیر لە دابینکردنی هۆڵی سینەمایی شیاو بکاتەوە و خەڵکی زیاتر بەشداری پێ بکرێت، چونکە پێویستە خەڵك بیبینێت.